# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا  دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە
# TARAWGA

**05 Mei . 2019  No. [46]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl  Tel:  +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری  بخوێنەوە..**

ژمارەی هۆڵەندییە بەندکراوەکان، لە زیندانی سەربازگەی شەڕڤانانی کورد لە سوریا لە زیادبووندان.... ل 1

ئایا تاوانی قڕکردنی ئەرمەنەکان لە ملی کوردانە؟ چولی فایەق... ل 2

گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە!  ل 3

شاعیر و شیعرنووس...... دکتۆر ڕێبوار فەتاح  شیعر زانستە و شاعیر زانا.! ل 4

شیعری پەنابەر، گۆران مەریوانی.. و وێنەی دڕندەکەی نوگرە سەلمان، مامۆستا م. ئارام.. ل 5

دوو چالاکی هونەری ڕۆشنبیری فرەکلتوری لە هۆڵەندا، ل 6

ماهاتما گاندی کەسایەتی ناودار و مرۆڤێکی ئازادیخواز لەسەرانسەری جیهاندا..

نوسینی: عەلی بانەیی- نیوزلاندا لە سێ بەشدا ل7  و ل8  و ل 9 .

هونەرمەندی کورد: عەلی ڕانیەیی-حەمەرەش ل 10



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 Mei 2019 | Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl | ژمارە 46 | 05 مایسی 2019

# ژمارەی هۆڵەندییە بەندکراوەکان لە زیندانی سەربازگەی شەڕڤانانی کورد لە سوریا لە زیادبووندان....



بە گوێرەی ڕاپۆرتی AIVD، لە سەرەتای مایسی ئەمساڵدا، بەلایەنی کەمەوە 55 کەسی گەورە و 85 منداڵ، لە بەندیخانەی سەربازی شەڕڤانانی کورد لە سوریا گیراون. لە کۆتایی مانگی ئازاریشدا هۆڵەندییە بەندکراوەکان ژمارەیەن گەیشتبووە 25 گەورە و 40 منداڵ، لەدوای کۆتایی پێهێنانی، دوامۆڵگەی چەکدارانی داعش. بە گوێرەی AIVD زیاتر 135 کەسی هۆڵەندیی، کە هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوی جهادین، ئێستە لە سوریا نیشتەجێن و 55 کەسیان لە سەربازگەکانی شەڕڤاناندا دەستبەسەرن، سێ یەکیان ژن و منداڵن. تا ئێستا 30 کەس لەو تونڕەوانەی سەر بەگرووپە جیهادییەکانن، لە باکوری ڕۆژئاوای سوریان و 50 یان لە شوێنەکانی دیکەی سوریان.

لەم ساڵانەی دواییدا 300 کەس لە هۆڵەنداوە, ڕۆیشتوون بۆ سوریا و عێراق، بۆ پەیوەندیکردن بەو گروپە توندڕەوە جیهادییانەوە، کە سەد کەس زیاتریان ژن بوون، زۆربەی ئەو هۆڵەندیانە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە و هەندێکی کەمیشیان پەیوەندییان بە گرووپی "حیاة التحریر الشام"ەوە کردووە، کە سەربە ڕێکخراوی (القاعدة) ن.

ژمارەی منداڵەکانی ناو ئەم گرووپەی جێگیر بوون، 100 منداڵن. AIVD سەرنجیداوە و دەزگای هەوڵگری جەختی لێدەکاتەوە، ژمارەیەک لەو منداڵانەی پابەندن بە زمانی هۆڵەندییەوە، بەمانای ئەوەی، یان دایکیان یان باوکیان ڕەگەزنامەی هۆڵەندی هەبووە، یان باوانیان ماوەیەکی زۆر لە هۆڵەندا ژیاون.



ئەو منداڵانەش کەمترنین لە سەد منداڵ، کە لە سوریا و تورکیا نیشتەجێن و زۆربەشیان سەربە IS داعشن، یەک لەسەر چوار، واتە چارەکێکی ئەو منداڵانە، لەگەڵ باوک یان دایکیاندا براون بۆ ئەو ناوچانەی شەڕی تێدا بووە.

دەزگا هەواڵگرییەکانی هۆڵەندا دەڵێن ئاسان نییە، بزانرێت بارودۆخی ژنی دووگیان یان ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵی هۆڵەندی لە سوریا بزانرێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی هۆڵەندی، نایەوێ ئەو هۆڵەندییە بەنکراوانە بگێڕێتەوە بۆ هۆڵەندا..! کە لە بەندیخانەکانی شەڕڤانانی کورد لە سوریا دەستبەسەرن. ئەو داواکراوانەی دۆسیەی قەلاچۆکردنی تیرۆر دەیانگرێتەوە.

ڕێکخەری ئاسایشی نیشتمانیی و دژەتیرۆر (NCTV)، ئاماژەی بەوەدا، کە زۆربەی ئەو حاڵەتە جیهادیانە، گەورەکانیان تا ئێستاش پابەندن بە ئایدۆلۆجیای توندڕەوی و تیرۆریەوە، کە دەگەڕێنەوە پەیوەندی بە کەسانی دیکەی وەک خۆیانەوە دەکەن لە ناو بەندیخانەکاندا. ئەمەش بزوتنەوە جیهادییەکان بەهێز تر دەکات. لە لایەکی دیکەوە، مەترسییەکی دیکە لە نەگەڕانەوەی ئاشکرای ئەو هۆڵەندیانە دروست دەبێت بۆ نموونە، بە گوێرەی کەناڵی NCTV شارەزایان ڕایان وایە دەشێت ئەو هۆڵەندییانە، لە کاتی نەمانی ئەو بەندیخانە و سەربازگانەدا لە سوریا، ڕەنگە بەدزییەوە بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەندا و دەست بکەنەوە بەخۆڕێکختنەوە و چالاکی تیرۆریستی.

لە سایتی دەنگوباسی NU.NL ەوە

# ئایا تاوانی قڕکردنی ئەرمەنەکان لە ملی کوردانە؟

چولی فایەق




جینۆساید و قڕکردنی ئەرمەن–ەکان، بابەتێکی هەرەگەرمی تورکیاناسییە و بۆ دەوڵەتی نوێی تورکیا، لەکە و پەڵەیەکی زەقە. ئەو باسوخواسە، ساڵانە لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەرەسان و شەرمەزاری دەکاتەوە. لە ساڵڕۆژی ئەم تاوانەدا، وەکوو ساڵانی ڕابردوو، دیسان ئەوە دەڵێمەوە: قڕکردن و کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥ دا، کردە و چالاکی تورکان بوو، بە دەستی دەوڵەتی تورکی بوو، هەر عوسمانییەتیش خاوەن ئیمپراتۆرییەت و فەرمانڕەوایی بوون، کەچی تا ئێستە تورک نکوڵی لەوە دەکات و بگرە دانانێت بە قەلاچۆکردنیشیدا، ئینجا لێرەولەوێش، دەیهەوێت وا وێنای بکات، کە کوردەکان ئەو تاوانەیان کردووە، وەک بڵێی کوردەکان خاوەن دەوڵەت و خیلافەت، تورکەکانیش سەپانی خیلافەتی کوردی–ئیسلامی بووبوون! گوتاری چینێک لە ڕۆشنبیری کوردیش، مایەی هەڵوەستە و ڕەخنەیە، کە ئاڕاستەی بەرەو ئەوە دەڕوات، ئەم تاوانە بەسەر کورددا ساغ بکاتەوە. ڕاستییەکەی، کورد ئەگەر بەشداربوو بن، بەشدارییان وەکو تاک و گرۆی شپڕەزە بوو، نەک وەکو نەتەوە. کورد وەکو- کۆللێکتیڤ و پێکهاتەیەکی ڕەسمیی نەتەوەیی، بەرپرسیار نییە لەو تاوانە. لایەنی بڕیاردەر کورد نەبووە، ئەوەیشی نیازی پێشوەختەی بوو، دیسان هەر کورد نەبووە. بەشداریی کوردەکانی نێو لەشکری سوارەی حەمیدییە، دواجار باش و خراپی، هەر بۆ عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، ئاخر قەوارەی سوپاکە هیی ئەوان بوو. ئەم شەڕە شەڕی نێوان تورک و ئەرمەنە، ترۆپکی نادانییە ئێمەی کورد لەخۆڕا تاوانەکە بەسەر خۆمان ساغ بکەینەوە، لە کاتێکدا تورک - بکەری ڕاستەقینەی جینۆسایدەکە - خۆی لێ بەری دەکات، بگرە لە نکاری خۆیەوە، هەر بە جێنوسایدیشی هەژمار ناکات.

ناڵێم کوردی لەگەڵ نەبووە، ناشڵێم تاوان نەبووە، کوردی لەگەڵ بوو - وەک جاشەکانی ئەمڕۆ و دوێنێ - تاوان و جینۆسایدیش بوو، بەڵام دەبێت بزانرێت کە بەشداریی کورد لە چ میانە (کۆنتێکست)ێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بووە. هەروەتر ئەگەر عەقڵانییەتی سیاسی پێڕەو بکەین، ئاوڕ لە[سیاسەتی فەرهەنگی] بدەینەوە، دەبێت "زەینی ئەرمەن" بەرەو ئەستۆپاکژیی کورد بەرین، لە ئاستی نەتەوەدا نکوڵی و سەرکۆنەی قڕکردنی ئەرمەنان بکەین، نەک بیخەینە ملی خۆمانەوە... خۆ ئەرمەنەکانیش ناتوانن نکوڵی لەوە بکەن، کە ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵی کورد، وەختێ پیاوەکان ڕەوانەی ڕۆژاوای دەوڵەت کرا بوون، بەدەستی ئەرمەنەکان ڕەشەکوژ کران. خەلیفە ئەو دەرفەتەی هەڵقۆستەوە و دنەی کوردانی دا بۆ پێکهێنانی سوپایەک، کە دواتر بە سوپای حەمیدییە ناسرا. سوپای حەمیدییە، بیرۆکەیەکی شەیتانانەی خەلیفەی موسڵمانان بوو، دەماری کوردانی جوڵاند تا هەستی تۆڵەسەندنەوەیان لاپەیدا ببێت و کوردەکان بە شەڕی ئەرمەنەکان سەرقاڵ بکات. ئەگەر کورد دەنێو هێزی سوڵتان بوون، بە وردی چاوی لێ بکەیت، لە شەڕی تۆڵەسەندنەوەی دوو خێڵ یان مەزەب دەچێت. بەشداریی کورد لە شەڕی ئەرمەنەکان جا بەهۆی هەستی تۆڵەسەندنەوە بێت، یان جوڵاندنی سۆزی ئایینی، بارەکەی هەر بە ملی دەوڵەتی تورکیاوەیە، کورد خودان قەوارەی سەربەخۆی خۆی نەبووە، تا بە نوێنەرێتیی نەتەوە یان دەوڵەت، بەشداریی شەڕەکە بکات، بەڵکە ئەوسا سوخرەکێشیی بۆ تورکیا کردووە و فرمانی ئەوی ڕاپەڕاندووە.



ڕاستییەکەی، ئەگەرچی ئەرمەن و کورد یەکتریان کوشت و دەربەدەر کرد، بەڵام دواجار چ ئەرمەنەکان و چ کوردەکانیش، پێکڕا قوربانیی تورکان بوون. هەروەتر، دەبێت ئەو کەسایەتییە کوردانە بیر ئەرمەنەکان بهێنینەوە، کە بوون بە (خدری‌زیندە)ی ئەرمەن و سەتانیان لێ ڕزگارکردن. بۆ نموونە (جەمیل کۆینە)ی ئەفسەر لە سوپای عوسمانی، کە یارمەتییەکی زۆری ئەرمەنەکانی دا. دەبێت ئەوەشیان بیربهێننەوە، لەو ڕەشەکوژییەدا، هەر ئەرمەن نا، بەڵکو کوردێکی زۆریش کوژران. وەک (ئۆرهان پاموک)ی ڕۆماننووس ددان بەو ڕاستییە دەنێت و دەڵێت: "لەو کۆمەڵکوژییەدا هەر ئەرمەنی نا، بەڵکوو ٣٠ هەزار کوردیش کوژراون."






ئەرمەنەکان خۆیان لە بیرەوەرییەکانیان نوسیویانە، کە کورد هەبووە، لەسەر یارمەتیدان و شێردنەوەی ئەرمەنەکان، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە سزا دراوە. گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەرمەنی (ئارام تیگران) هەتا مرد، گۆرانی بە کوردیی دەچڕی. چونکە لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ماڵە کوردێکی دراوسێیاندا داڵدە دراون و لە قڕکردنیان ڕزگار کراون. ئارام دەڵێت: بابم گوتی هەتا مردن چاکەی کوردان لەبیر مەکەن، بۆیە منیش وەک وەفایەک بۆ ئەو چاکەیە، بە کوردی گۆرانی دەڵێم. لەتەک شەرمەزارکردنی ئەو تاوانە گەورەیە، دەبێت شەرم لەوەیش نەکەین بە دەنگی بەرزەوە بڵێین: کورد وەکو گەل و نەتەوە، سوچ و خەتای نییە لە قڕکردنی ئەرمەنەکان... بۆیە وەڵامی پرسینەکەی سەرەتا، لای ئێمە بە نەخێرە. نەخێر، کورد لە قڕکردنی ئەرمەنەکان بەرپرس نییە، ئەوە دەوڵەتی تورکیایە، ئەو تاوانە قێزەونەی لە ئەستۆدایە.

# گۆشەی هەواڵنامەی ئەڵمانیا لە بورهان ئەمین-ەوە

## پێدانی مافی پەنابەرێتی بۆ بەشێک لەسوریەکان ڕاگیرا.



حکومەتی ئەڵمانیا، مافی پەنابەرێتی بۆ ئەو هاوڵاتییە سورییانە ڕاگرت، کە داوای پەنابەرێتییان لەو وڵاتە کردووە، بەتایبەتیش ئەوانەی، کە دەتوانن بگەڕینەوە وڵاتی خۆیان و ناوچەکانیان ئارامە. لەسەرزاری بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆ ڕاگەیەندرا، کە بڕیاری ڕاگرتنی پێدانی مافی پەنابەرێتی بۆ ئەوەیە، هەندێک چاکسازی لە یاسای پەنابەرێتیدا بکرێت.

## سەرکردەیەکی SPD هێرش دەکاتەسەر مێرکل وپارتەکەی.



"کاتارینا بارلی" سەرکردەی پارتی سۆشیال دیموکرات و کاندیدی پارتەکەی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا، هێرشی توندی کردەسەر هاوپەیمانی دیموکراتی کریستیان، کە پارتی دیموکراتی کریستیان و پارتی کۆمەڵایەتی کریستیان دەگریتەوە و بەهاوبەشی لەگەڵ SPD لەناو حکومەتدان، بەقسەی ئەو، ئەو پارتە هەوڵی چەوساندنەوەی چینی خوارەوە دەدات، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی بۆرژواکان، چونکە کرێی کاری کرێکار و کاسبکاو فەرمانبەرانی زۆر بەکەم دیاری کردووە.

## کوردانی ڕۆژهەڵات چونەبەردەم قونسوڵگەری ئێران



ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی کوردی شاری هامبۆرگ، بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر سیاسەتی کوشتوبڕی ڕژێمی ئیسلامی ئێران. خۆشحاڵیان دەربڕی بەسزا سەپێندراوەکانی سەر ئەو وڵاتە، لەلایەن ئەمریکاوە و ناساندنی سوپای پاسداران بەتاقمی تیرۆر، گردبووەکان چونەبەردەم قونسوڵ ونمایندەی ئەو وڵاتە و بە دروشم و ئاڵای کوردستان و هوتاف لێدان چالاکیەکی ئاشتیانەیان سازدا.

## کرێی حەسارێک ٥٠٠ ساڵە هەروەک خۆیەتی.




لە شاری Augesburg ش (حەوشی گەورە) هەیە، بەناوی Fugri ژمارەیەک خانووی لەخۆوە گرتووە، ئەو خانوانە 500 ساڵە لەلایەن دەوڵەمەندیکەوە بەناوی "جاکوب فوگری" بۆ خەڵکی هەژار و بێدەرەتان دروستکراون و کرێچیەکان ئەوکات تەنها کرێیەکی ڕەمزیان داوە، بنەماڵەی فوگری ئێستاش ماون و تا ئەو چرکەیەش ئەو خانووانە کرێچی هەژارییان تێدا دەژیت، بەهەمان نرخی جاران، کە ساڵانەی تەنها یەک دۆلاری ئەمریکی بووە، لەگەڵ یەک دۆلاری تریش بەخشیش بۆ ئەو کەنیسەیەی هەر ئەو بنەماڵەیە دروستیان کردووە، بۆ گەرمی و خزمەتگوزاریش ساڵانەی 100 دۆلار دەدەن و لەسەدەی پانزەهەمەوە ئەو خەڵکە هەر بەو سیستەمە لەوخانووانە دەژین.

## شارێکی ئەڵمانیا زراویان لە داعش چووە.



لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا شارۆچکەیەک هەیە، بەناوی Luhberg لەهەرێمی NRW ژمارەی دانیشتووانەکەی 6 هەزار کەسە، نیوەی زیاتریان بێگانەن و ئەو تورکانەن، کە کاتی خۆی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەڵمانیا نیشتەجێی کردوون، بۆکارکردن و بنیاتنانەوەی وڵاتەکە سودی لێوەرگرتوون، ئێستا ئەوانە بونەتە تورک– ئەڵمان. لەوشارە سەدان توندڕەوی ئیسلامی هەن و زیاتر لە 20 کەسیان لەساڵانی ڕابردوو چووبوونە ناو داعش و ئێستا ژمارەیەکیان لێگەڕاوەتەوە و داداگایی دەکرێن، بەڵام دانیشتوانی شارەکە لە ترس و دڵە ڕاوکێیەکی هەمیشەییدان، بە تایبەتی ئەڵمانەکان دەترسن لەکاتی سەپاندنی سزا بەسەریاندا، کەسوکاریان لەشارەکە تۆڵەیان لێ بکەنەوە.

## نازییەکان لەسەر ئاستی ئەوروپا هاوپەیمانیەک پێک دێنن...




لە ڕۆژانی رابردوودا لەپراگی پایتەختی چیک، سەرۆکی پارتە پۆپۆلیست و نازیپەکان، لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە، تاوەکو هەوڵەکانیان بۆ بردنەوەی کورسی زیاتری پەرلەمان یەکبخەن، لە کۆتایی مانگی ئایار، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە یەکێتیی ئەوروپا بەڕێوە دەچێت، پارتە پۆپولست و ڕاستڕەوەکانیش چاویان لەوەیە ژمارەی کورسییەکانیان لەم هەڵبژاردنەدا زیاتر بکەن، بۆ ئەمەش بەئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ مسوڵمانان و کۆچبەران دەردەبڕن، لە گوتارەکانیاندا سەرۆکی ئەو پارتانە، بە ئاشکرا کۆچبەران و ئیسلامیان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەکانیان وەسفکردووە و دژایەتی خۆیان بۆ سیاستەکانی یەکێتیی ئەوروپا بەرامبەر بە کۆچبەران دووپاتکردۆتەوە.

# شاعیر و شیعرنووس......دکتۆر ڕێبوار فەتاح

## شیعر زانستە و شاعیر زانا.......!

(بەیارمەتی نووسەر، لە پەیجەکەیەوە، وەرگیراوە)..




شیعر بەشێکە لە هونەرە جوانەکان و بە زمان دادەڕێژرێ. لای من، هەموو کەسێک پێویستە شارەزا بێ لە بنەماکانی شیعر، وەک ئاواز، کێش، قافیە و زمان و مێژووی شیعر. دیارە ئەوەی شارەزای شیعر نەبێ نازانێ بیخوێنێتەوە. شیعر پێویستە بەشێکی گرنگ بێ لە سیستمی خوێندن، و وەک زانست بخوێنرێ. منداڵان پێویستە هەر لە سەرەتاییەوە فێری شیعر بکرێن. شیعر بەشێکی گرنگە لە ژیان. بۆ نمونە، لە بۆنەکاندا، جا شادی بێ یان شین، شیعر ڕازی دڵ جوانتر دەدرکێنێ. گەر ویستت کارتێک بدەیت بە منداڵەکەت لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا، چی دەکەیت! گەر دەتەوێ دڵی خۆش بێ، دەبێ دێڕێک یان چوارینەیەکی جوانی بۆ بنووسیت. ناکرێ نەزانین شیعر بنووسین. هەڵبەت نابێ هەموو شیعرنووسێک خۆی بە شاعیر بزانێ. شیعرنووس، نابێ بە شاعیر. شیعر زانستە و شاعیر زانا. سەرباری ئەوەش شیعر خوێندنەوە و نوسین ئارامبەخشن، سایکۆتەرەپین. من شیعر دەخوێنمەوە، وەردەگێڕم و دەنووسم بۆ ڕزگاربوونم لە فشاری کار و ژیان؛ عیلەتپەڕێنن.

لە ژیانی کوردەواریدا، شیعر ڕۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕاوە و دەگێڕێ. زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد یان شاعیر بوون یان شیعریان نووسیووە. خۆ ڕەنگە ئەمە پەیوەست بێ بەوەوە، کە کورد گەلێکی چەوساوە بووە و دەرفەتی پێ نەدراوە بەزمانی خۆی بئاخڤێ، بخوێنێ و بنووسێ.

زۆرێک شیعر دەنووسن، بەبێ ئەوەی بنەماکانی شیعر لەبەرچاو بگرن یان بزانن. ئەمە هێندە گرنگ نیە، گەر خۆیان بە شاعیر لە قەڵەم نەدەن. هەڵبەت بە داخەوە شیعرۆکە میدیاکانی کوردی لەکەدار کردووە. دیارە ئەو پرسیارەی زۆر گرنگە ئەوەیە، شاعیر کێیە و چۆن شیعرنووسێک دەبێ بە شاعیر. وەکی دیکە، بنەماکانی شیعر چین؟ ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و ڕەنگە بۆچوونی جیاواز هەبن لە وەڵامیدا. من لێرەدا ڕای خۆم بەکورتی دەردەبڕم.

شاعیر پێویستە شارەزای قوتابخانە شیعریەکانی کورد و تارادەیەکی باشیش ئەوانەی جیهان بێ. ئەو کەسانەش کە ئێستا ئێمە بە شاعیریان دەزانین جا سالم، نالی و کوردی بێ یان شێخ نوری شێخ ساڵح، ڕەشید نەجیت، عەبدوڵا گۆران، عەبدولڕەحمان بەگی نفوس، ڕەفیق حیلمی و ئەوانی دیکە بن، هەموو شارەزای زمان و شیعری دراوسێکان بوون – تورکی، فارسی و عەرەبی. چەند کەسێکیشیان، وەک گۆران، شارەزای زمانی ئینگلیزی بوون،

هەروەک بە شیعری 'گوڵی لاولاو' و 'بولبول'دا دیارە. جا بۆیە من یەکەمین بنەمای شاعیریتی بە شارەزابوون لە شیعر و زمانی بێگانەدا، بەتایبەتیش ئینگلیزی، دادەنێم. شیعرنووسێکی کورد ناتوانێ ببێ بە شاعیر، گەر شارەزا نەبێ لە زمانێکی دیکەدا؛ ممکن نیە.

بە بێ شارەزابوون لە مێژووی شیعری کوردی و هەموو قوتابخانەکانی، شیعرنووس نابێ بە شاعیر. ناکرێ شاعیر نەزانێ بە کێشی عەروز بنووسێ. ناکرێ شاعیر شارەزای زمانی شیعری پێش خۆی نەبێ. لە هەر بوارێکدا بمانەوێ ڕەچەشکێن بین، پێویستە بزانین ئەو بوارە گەیشتووەتە چ قۆناغێک و چی پێش خۆی هەبووە. بۆئەوەی ئەو کەلێنانە ببینین کە پێویستە پڕ بکرێنەوە.

زمانزانین و زماننوسین – دوو شتی جیاوازن – بەردی بناغەی شیعرن، چونکە شاعیر، لای من، ئەندازیاری زمانە. ناکرێ شاعیر لە بنەماکانی زمان تێ نەگات و شیعر بنووسێ. باوە دەگوترێ، شیعر ئیلهامە. ڕەنگە هەندێک سروشتی خۆڕسک لە کەسێکدا هەبن، هاوکاری بن لە هونەرێکدا. ئەمە جێی ئەوە ناگرێتەوە، کە شیعر پێویستە وەک زانست بخوێنرێ، و شاعیر ببێتە پسپۆڕ.

شیعر لە زانستەکانی دیکەوە نزیکە، وەک ماتماتیک، میوزیک، سروشت، گۆرانی، تد. پێویستە شاعیر شارەزا بێ لەم زانستانە و قووڵ بێتەوە لە پەیوەندیان بە شیعرەوە. شیعر نیە بنەمای ماتماتیکی نەبێ؛ ئاوازی نەبێ؛ تێکەڵ بە سروشت نەبێ.

شیعری کوردی لە بازنەیەکی زۆر تەسکدا دەسوڕێتەوە، کە دیارە ڕەنگدانەوەی نزمی ئاکاری هەموو بارێکی ڕۆشنبیری کوردیە. ئەمیش دەرهاویشتەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیە. گەر دەتەوێ، وەک شاعیرێک، لێی دەرباز بیت و دنیای شیعر و جوانیت لێ بکرێتەوە، چارت نیە؛ دەبێ جوانی شیعری نووسراو بە زمانەکانی دیکە واڵا بکەیت. جا چۆن ئەو جوانیە بە زمانی کوردی دادەڕێژیتەوە، ئەوەیان کاری شاعیرە.

.........

چاوەنواڕی چاپی سێی کەشکۆڵە شیعری 'My Poetry Depicts you' بە، کە شیعری زۆربەی شاعیرە نوێکانی لە خۆ گرتووە. لە ئەمەزۆن دادەبەزێت.

ڕوخسەت لە بەڕێز کاک (گۆران مەریوانی) شاعیر و نوسەر، برای دکتۆر ڕێبوار فەتاح وەرگیراوە، بۆ ئەم نووسینە.

هەندێ لە برادەرانمان گلەیی دەکەن، کە بۆچی بڵاوکراوەی (تاراوگە) شیعر بڵاوناکاتەوە. ئەم نووسینەی دکتۆر ڕێبوار فەتاح وەڵامی دڵی ئێمەیە بۆ ئەو بەڕێز و خۆشەویستانە.


# پـــەنـــــــــــابـــەر Refuge



گۆران مەریوانی

هەینێ* من و ماریا ،
کە پەنابەرێکی ئارژەنتینی بوو
دۆست بووین
لەتەک چەند دەربەدەرێکی تردا
لە نزیک دەریاچەی "هۆڵینگێ "*
دانیشتبووین
باسی وڵات و عەشقی ئینسانمان دەکرد
بە شوێن بوونماندا رامانەدەکرد،
دەریاچەش گوێی بۆ ئێمە شلکردبوو!

ئێستێ ماریا مردووە
وابزانم
لە گردێکی لێرەوە دوور




لاشەکەشیان ناشتووە
من و چەند پیرێکی تر
لە هەمان شوێن
بێدەنگ دانیشتووین
باسی هیچ ناکەین
لە هیچ نادوێین
دەریاچەی "هۆڵینگێ*"–ش
لە مێژە ویشکی–کردوە!

*هەینێ: ئەودەم
*هۆڵینگێ–(Hulinge): شوێ، دەریاچە ، : (Sjö),
دەریاچەی (=شوێ) هۆڵینگێی بە نێوبانگی دەڤەری
سمۆلاند–سوید.
Goran Meriwani
, Göteborg17-03-2019

# وێنـــەی دڕندەکەی نوگرە ســـەلمان



مامۆستا م. ئارام– ئەڵمانیا

نوگرە سەلمان (نقرة السلمان)، ناوی بەندیخانە بەدناوەکەی بیابانی لای شاری (سەماوە)ی عێراقییە، کە کرابوو بە دۆزەخی مەرگ بۆ خێزانە کوردە ئەنفالکراوەکان، لە سەردەمی حوکمڕانیی حیزبی بەعس و سەدامی گۆڕبەگۆڕدا. ئازار و ئەشکەنجەدان و برسیکردن و لاقەکردن و کوشتن لەو بەندیخانە بەدناوەدا، لە دڕندەییدا بێوێنە بوو. ئەوانەی لەو دۆزەخە ژیانیان دەربردووە، ئەشکەنجەدەرە هەرە دڕندەکەی ئەوێیان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، کە خۆی ناونابوو (حەجاج). لەم وێنەیەدا حەجاج ئەبینن کە مارێکی بەدەستەوەیە و خەریکی خواردنیەتی.



لە گۆڤاری (نیو یۆرکەر)ی ئەمریکی ژمارەی ڕۆژی 25 ی ئاداری 2002 دا، نووسینێکی ڕۆژنامەنووس (جێفری گۆڵدبێرگ) هەیە، کە هەندێک سایتی عەرەبییش وەریانگێڕاوە و بڵاویان کردۆتەوە، بەسەرهاتی ژنێکی کوردە، ناوی (سەلما بابان)ە، کە لەو دۆزەخەی بیاباندا، چ خەم و ئازارێکی چەژتووە." نەمانئەتوانی لاشەی مردووەکان لە هۆڵەکاندا گل بدەینەوە، لە ڕۆژانی یەکەمی نوگرە سەلماندا، سیی کەس، بگرە زیاتریش مردن." کورە بچووکەکەی ئەویش، (ڕێبوار)ی تەمەن شەش ساڵان، نەخۆش ئەکەوێت و سکی ئەچێ، سەلما ئەزانێ کە کوڕەکەی ئەمرێ، ئەوێ نە پزیشکی لێ ئەبێ نەدەرمان، ئەم زۆر بۆ منداڵەکەی ئەگریی، تا لە باوەشیدا ئەمرێ. "من و کچەکانم ئەمانقیژاند و ئەگریاین و لاشەی (ڕێبوار)مان دایە دەست وەردیانەکان*، هەڵیانگرت و بردیانە دەرەوە". دوای ئەوە، سەلما بۆ ئەوەی بزانێ کوڕەکەیان لە کوێ ناشتووە، ئەچێتە لای پەنجەرەکە و لەوێوە ئەڕوانێ، کە ئەبینێ سەگەل دەوری لاشەی کوڕەکەیان داوە، لە جێی خۆی وشک ئەبێ و ئەبووریتەوە.

"هەردوو پێ و هەردوو دەستی کوڕەکەمم بینی، بە کەڵبەی سەگەوە، سەگەکان کوڕەکەمیان ئەخوارد".

**********

وەردیان: پاسەوانی زیندان و بەندیخانە.


# چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری و فرەکەلتوری لە هۆڵەندا!

## میهرەجانی ساڵانەی سینەمای عەرەبی لە هۆڵەندا




لە یادی 15 ساڵەی دامەزراندنی میهرەجانی ساڵانەی سینەمای عەرەبیدا، ڕۆژی7 بۆ 12 مایسی ئەمساڵ، بۆنەیەکی کەلتوری لە سینەمای ڕیالتۆ Rialto و مێلکڤێخ Melkweg لە ئەمستردام و سینەمای لومییر Lumière لە ماستریخت ڕێک دەخرێت، نوێترین ڕۆمانە فیلم و کورتە فیلم و فیلمی دۆکۆمێنتاری لە جیهانی عەرەبیدا پێشکەش دەکرێت، کە زۆربەیان بۆیەکەمجارە نمایش دەکرێن، فیلمەکان سەرسامکەر و سەرنجڕاکێشەر و جوڵێنەرن، جەماوەری ئامادەبوو هاندەدا، لەگەڵ دەرهێنەراندا بکەونە پرسیار و گفتوگۆکردنێکی جدییەوە. میهرەجانی ئەمساڵ تایبەتە بە یادی 15 ساڵەی میهرەجانی سینەمای عەرەبی، زۆرترین ئەو فیلمانەی تێدا پێشکەش دەکرێن، کە زیاترین گفتوگۆ و لێدوان دەوروژێنێ، لەگەڵ کەتەلۆکی میهرەجانەکەدا زانیاری زیاتر پێشکەش دەکرێت.
لەبەر ئەوەی لە ساڵانی پێشوودا، میهرەجانی سینەمای عەرەبی لە ئەمستردام، گرنگییەکی زۆری بە سینەمایی کوردیی و دۆزی ڕەوای کورد دابوو، بۆیە لێرەدا تاراوگە ویستی لە هەواڵی میهرەجانی ئەمساڵ ئێوەی ئازیز ئاگادار بکاتەوە. لە میهرەجانی سی ساڵ لەمەوپێشدا، کە ڕێکەوتی 20 شوباتی 2016 ی دەکرد، فیلمی سینەمایی (نامەیەک بۆ پادشا)یان، پێشکەش کرد، لە نوسین و دەرهێنانی (هیشام زەمان)، کە چیرۆکی فیلمەکە باسی جیاوازی پێنج پەنابەری کوردی، لە نەرویج دەگێڕایەوە، پاش نمایشکردنی فیلمەکە، نوسەر و ڕۆمانووسی کورد، دکتۆر سەروەر جوانڕۆیی، کە بە هۆڵەندی دەنووسێت بانگێشت کرابوو، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کورد بە گشتی پێشکەش کرد، کە بابەتێکی گرنگ بوو، لەسەر مێژووی کورد و گرفتی هاتنی لێشاوی پەنابەران،کە زۆربەیان لە ڕێگەی تورکیاوە، بە دەریای سپی ناوەڕاستدا دێن و (ژمارەیەکی زۆریان لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن)، بۆ زانینی ئەدرێس و زانیاری زیاتر میهرەجانی سینەمای عەرەبی لە ئەمستردام، بڕوانە ئەم لینکە:

http://www.rialtofilm.nl/podium/cin%C3%A9ma%20arabe%20presenteert:%20letter%20to%20the%20king/




## ڕۆژێکی چالاکی هونەری فرەکلتوری لە شارۆچکەی زایست لە هەرێمی ئوترێخت





ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 11–5–2019، کاتژمێر 15:30 تا 20:00 بە سەرپەرشتی شارەوانی شارۆچکەی Zeist زایست، لە هەرێمی ئوترێخت لە هۆڵەندا و لە ئامادەکردنی هونەرمەندی شێوەکاری کورد، ئاراز حەمە حسێن...ڕۆژێکی چالاکی هونەری فرەکلتوری سازدەکرێت، کە پێک دێت لە هونەری شێوەکاری، فۆتۆگراف، شانۆ، موزیک، هۆنراوە، گۆفانی و نمایشی جل و بەرگی کوردیی ژنان.
هونەرمەند ئاراز حەمە حسێن لە نمایشەکانی ڕۆژەکەدا، زیاتر جەختی لەسەر کاری هونەری جوانی و داهێنان کوردیی کردۆتەوە.
لەسەرەتای کردنەوەی ڕۆژەکە، سەرپەرشتیاری هونەرو کلتوری شارەوانی شارۆچکەی زایست Zeist چالاکیەکە بە خوێندنەوەی گوتەیەک دەکاتەوە.
هاتن بۆ هەمووانە بەخێربێن سەرچاوان، ڕێزو خۆشەویستی بۆ هەموو لایەک.
چالاکییەکە لەم ناونیشانەی خوارەوەیە:

De Citadel
Bergweg 6
3701 JS Zeist

# ماهاتما گاندی کەسایەتی ناودار و مرۆڤێکی ئازادیخواز لەسەرانسەری جیهاندا!

بەشی یەکەم: عەلی بانەیی



ماهاتما گاندی بەکەسایەتی ناودار و مرۆڤێکی ئازادیخواز دادەنرێت لە سەرانسەری جیهاندا. بەشۆڕشێکی ڕۆشنبیری و بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە نێو دڵ و دەروونی کۆمەڵگای هیندوستاندا، توانی چۆک بە ئیمپراتۆری بەریتانیا دابدات. گاندی دەڵێت: ڕێگای ڕزگاری نیشتمان لە سەرفرازکردنی خودی مرۆڤ خۆیەوە دەست پێدەکات. ئەویش بەپاکردنەوەی دڵ و دەروون لە خەوشی ترس و دڵەڕاوکێ و بیرکردنەوە لەب مرژەوەندی تایبەتی، زاخاودانەوەی مێشک و ڕۆح بەبیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازی و ڕێزگرتن لە ماف و ئایین و ئازادی گەلان. بیری نەتەوەیی... لەهۆشیاری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیدا ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەر هەموو مرۆڤێک هەیە. بۆیە دەبێت شۆڕشە مەزنەکەی گاندی بە نیشتمانپەروەیی و داکۆکی لەسەر بەهای مافی مرۆڤ دابنرێت. بەو ڕێبازەی کە لەو سەردەمەدا گرتبوویەبەر توانی بەرەنگاری دەسەڵات و ئیمپراتۆرێکی وەک بەریتانیای مەزن ببێتەوە، کە ناسرابوو بەوەی خۆر بەڕوویدا ئاوا نابێت. لە نوسینی ئەم چەند لاپەڕەیەدا... دەمەوێت ڕۆشناییەک بخەمەسەر باری ژیانی ئەم پێشەوا نەمرە، کە ناوی لە هیندوستان و جیهاندا تائێستا زیندووە و شانازی پێوەدەکرێت. بۆتە سیمبوڵێکی ڕزگاریخوازی، بۆ هەموو گەلێکی چەوساوە.

خۆزگا... ژیان و خەباتی سیاسی ئەم مرۆڤە مەزنە، لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە، وەک باشوری ئافریقا کەڵکی لێوەربگیرایە و بشبووایەتە ئەزموونێک بۆ سەرکردەکانی باشوری کوردستان.

خۆزگا... پارچەیەک لەو قوماشە سپییەی، کە گاندی بەخۆیەوە ئاڵانبووی، بکرایەتە سیمبوڵی ئاشتی لەنێوان هەموو هێزە کوردیەکانی کوردستاندا.

سەرەتای دەستپێکردنی کاری سیاسی گاندی، لە ساڵی 1910ز کە خوێندکارێکی هوشیار دەبێت، هەست بەچەوساندنەوەی میللەتەکەی دەکات، لە هیندوستان، هەر لەو تەمەنەدا دەکەوێتە جموجۆڵی سیاسی. لەسەر ئەوە بەریتانییەکان بەناوی شاندێکی بەریتانیاییەوە بەسواری کەشتی بۆ باشوری ئافریقا دووری دەخەنەوە. کە دەگاتە ئەوێ سواری شەمەندەفەرێکی نەفەرهەڵگر دەبێت تاکو بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام هەڵیدەدەنە خوارەوە نەیدەزانی کەسوار بوونی ئەو شەمەندەفەرە لە باشوری ئافریقا، تەنیا بۆ سپی پێستەکانە. پاش ماوەیەک لەوێ ژن دەهێنێت و ژیانی هاوسەرێتی بەسەر دەبات، بەڵام لە دڵ ودەروونیدا هەر لە بیر و ئەندێشەی ئەوەدا دەبێت، کە چۆن بەریتانییەکان بەردەوامن لەزوڵم و چەوساندنەوەی هیندییە دوورخراوەکان، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوەندەی تر هەستی نەتەوەیی گاندی ببزوێنێت. ئا لێرەوە...لە وڵاتی ئاوارەییەوە، سەرەتای چالاکی گاندی دەستپێدەکات.

لەوێ دەکەوێتە پەیوەندی و ڕێکخستنی هیندییەکان. ڕۆژێکیان هەموو هیندییە ئاوارەکان کۆدەکاتەوە، دەڵێت: ئا لێرەوە ڕاپەڕینی ئێمە دژ بە دەسەڵاتی بەریتانیای داگیرکەر دەبێتە سەرفرازی بۆ هەموو تاکە کەسێکی هیندوستان. هیندییەکانی باشوری ئافریقا، کە لەلایەن بەریتانییەکانەوە ناسنامەی تایبەتییان بۆکراوە، گاندی لەو کۆبونەوەیەدا ناسنامەی خۆی دەسوتێنێت. هەر بەدوایدا هەموو هیندییەکانی تر ناسنامەکانیان دەسووتێنن. ئەم هەنگاوە سەرەتاییە دەبێتە نیگەرانی بۆ ئینگلیزەکان. گاندی دەگرن و ڕاپێچی زیندانی دەکەن. هەر بەپێ خستنە ناو زیندان کرۆکی خەباتێکی ڕێکخراو بەناوی کۆمەڵی نەتەوەیی هیندوستان پێکدێنێت. لە ساڵی 1912ز هەوێنی ئەو کۆمەڵەیە دەگاتە هیندوستان، هەر بەهەمان شێوەش بەیارمەتی گاندی ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەڵی نەتەوەیی ئافریقا پێکدێت. ئەم کارەی گاندی لەزیندان ئەوەندەی تر ئینگلیزەکان بێزار و تووڕە دەکات. بەریتانییەکان دەکەونە ئازاردانی و زیندانییەکەی بۆ درێژدەکەنەوە، بەڵام گاندی وازناهێنێت و لە هەوڵداندا دەبێت. خەڵکیش پەیتا پەیتا هۆگری گاندی دەبن زیاتر لێی نزیک دەبنەوە.

گاندی چونکە بێ پارەوپولە لەزیندان، هیچ پارەی پێنابێت ئینگلیزێکیش کە لەهەمان زینداندا گیراوە. گاندی دەچێت بە دڵدا و زۆر ڕێزی لێدەگرێت، کاتێک کە گاندی داوای (یەک شلنی) لێدەکات بێ دوودڵی دەیداتێ. گاندی پێی دەڵێت: کە ئازاد بووین واتا هیندوستان... من ئەو پارەیەت بۆ دەگەڕێنمەوە. بەریتانییەکان دەیانەوێت لە باشوری ئافریقا لەو خەڵکانەی کە پشتیان گرتووە دووری بخەنەوە بیر لەوە دەکەنەوە، کە بۆ هیندستان دووری بخەنەوە، تاکو لەوێ بتوانن بەئاسانی سانسۆر لەسەر ڕەفتار و کرداری دابنێن. بەنهێنی گاندی دەهێننەوە بۆ هیندوستان، بەڵام کاتێک کە دەگاتەوە هیندوستان و لە وێستگەی شەمەنەفەری بۆمبای دادەبەزێت، بەسەدان هەزار هاوڵاتی هیندوستان چاوەڕێی دەکەن. ئینگلیزەکان سەریان لەم پێشوازییە گەورەیە سوڕدەمێنێت. وایاندەزانی گاندی کەسێکی نەناسراوە. نەیاندەزانی کە گاندی هەر لەزیندانەوە بەڕێی هاوڕێکانییەوە ئەم چالاکییانەی جێبەجێکردووە. بێئاگابوون لەوەی کە گاندی وەک ڕابەری گەورەی هیندوستان ناسراوە، نەوەک کەسێکی سادەی ونبوو. ئینگلیزەکان دەکەونە بەکارهێنانی شێوازێکی تر ئەویش بەدیسان گرتنی و بردنی بۆ جێگایەکی دیاری نەکراو. بەڵام ماڵە خانەدانەکانی هیندوستان، کە پێڕەوانیان زۆر بوو، لەژێرەوە هاودەنگی گاندی بوون، بەو پیلانە دەزانن و دەکەونە دەربازکردنی. گەورەیی گاندی لەوەدا دەبێت، کە بەپێی خاوسی و سپیاڵە سادەکەی و دارەکەی دەستییەوە پێش ئاپۆرەی کۆمەڵگا سەرانسەری هیندوستان دەگەڕا. خەڵکی هیندوستانیش بەگوند و شارنشینەوە، کە ئەم دیمەنەیان دەبینی ئەوەندەی تر گاندییان چوە دڵەوە. گاندی لەگێلانەکانیدا ئامۆژگاری خەڵکی بەوەدەکرد، کە نزیک هیچ شتێکی بێگانە نەبنەوە...!!!

خواردنی بێگانە و هاوردە نەخۆن، هەر بەخۆراکی خۆماڵی گوزەران بکەن...!!! هیچ جلوبەرگێکی بێگانە بەکارنەهێنن...!!!

باهەرماڵێک هەرکەسێک بەبزنێک و ئامێرێکی ڕستن وچنین خۆی بەڕێوەبەرێت...!!! بەدەستی خۆیان جلوبەرگ بۆخۆیان بدروون...!!!

پێش هەموو کەس گاندی، ئەو کارەی بەسەر خۆیدا ئەنجامدا لە ماڵەکەیدا هیچی نەبوو، تەنیا ئامێرێکی ڕستن و چنین و بزنێک نەبێت.

بڕوانە ل 8

# ماهاتما گاندی کەسایەتی ناودار و مرۆڤێکی ئازادیخواز لەسەرانسەری جیهاندا




عەلی بانەیی– نیوزلاندا

بەشی دووەم

چۆن پێشەوا بەکردەوە و ڕەوشی ڕۆژانەی لە میللەت هەژار تره هەمیشەش دەیگوت: من دەبێت لە هەژارترین کەسی هیندوستان هەژارتربم و تاوەکو هەژاریکیش بمێنێت لە هیندوستاندا من لەو هەژار تر دەبم. ڕۆژێک لە شارێکی هیندوستان خەڵک لەمەیدانێک کۆدەبنەوە چاوەڕێی گاندی دەکەن، کە قسەیان بۆ بکات. پێش ئەوەی گاندی بگاتە مەیدانەکە، ئینگلیزەکان گەمارۆی ئەو مەیدانە دەدەن و دەستدەکەن بەتەقەکردن بەسەریاندا، بۆ بلاوە پێکردنیان، بەڵام کۆبوونەوەکە دەبێتە خۆپیشاندانێکی فراوانی بەرهەڵست. لەئەنجامدا سێ هەزار کەس بەژن و منداڵ و لاوەوە دەکوژرێن. لەناوەڕاستی ئەو مەیدانەدا، بیرێکی گەورەی لێ دەبێت نزیکەی 400 کەس لەخۆپیشاندەران، لەترسی دەست نەپاراستنی دوژمن خۆیان دەخەنە، ناوبیرەکەوە پاش ئەوەی، کە ئینگلیزەکان بەزەبری چەک، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە دەهێنن. بەخشکەیی دێن، سەری ئەو بیرەی کە نزیکەی 400 کەس خۆی تیادا شاردبووەوە بە چیمەنتۆ هەڵیدەبەستن. ئێستا ئەو بیرە کوێرکراوە... بۆتە سەکۆیەکی یادگاری، بۆ هەموو گەلانی هیندوستان. کاتێک گاندی دەگاتە مەیدانەکە سەیردەکات، لاشەی کوژراوی خەڵک بۆتە گۆلاوی خوێن. دەستبەجێ بانگەشەی جێبەجێکردنی سیاسەتەکەی ڕادەگەیەنێت. تەنیا تاکە هێزێکی بەرهەڵستیش، کە هیندییەکان لەتوانایاندا هەبێت بۆ وەڵامدانەوە بەرووی ئەو داگیرکەرە زلهێزە، هێزی بەرگریکردنە بەئاشتی. گاندی داوا لەخەڵکدەکات لە کارخانەکانی خوێ کار نەکەن و خوێی کارخانەکانیش بەکارنەهێنن. لەبری ئەوە برۆن خوێی دەریاکان گردب کەنەوە و بەکاریهێنن. کاتێک خەڵکەکە دەگەنە ڕۆخی دەریا. سوپای ئینگلیز بۆیان ڕاوەستاون و چاوەڕێی لێدانیان دەکەن. لەو شەڕی دەستەویەخەیەدا سەری گاندی بریندار دەبێت. هیندییەکان، کە ئەم دیمەنە دەبینن دەیانەوێت هەڵمەت بەرنە سەر ئینگلیزەکان، بەڵام گاندی ڕێگەیان لێدەگرێت و پیاندەڵێت: ئێمە بەچەکی ئاشتی و ئەوان بە چەکی ئاگر و ئاسن...لە ئاکامدا هەر ئێمە زاڵدەبین و سەردەکەوین. لەو پێکدادانەدا خەڵکێکی زۆر بریندار دەبن. لەبەرئەوەی لێشاوی خەڵکەکە هەتا دێت هەر زۆر دەبێت و زیاتر خەڵک دێتە پێشەوە، ئینگلیزەکان ناچاردەبن وازبێنن و ئەو ناوە چۆڵبکەن.

هەر لەو ساڵەدا خوێندکارێکی کۆلێژی یاسا، بەناوی (جەواهیر لال نەهرۆ) دێت بۆ لای گاندی و دەیەوێت وەک ڕێکخراوێکی خوێندکاران بێتە ژێر سایەی گاندی. ئەم لاوە دەبێتە سەرنجراکێشی گاندی و بەرەبەرە لە خۆی نزیکدەکاتەوە، تاوای لێدێت کە بیکاتە یاریدەدەری خۆی بۆ ئیشوکارەکان. هەر لە هەمان ساڵدا گروپێک بەناوی (موسلیم لیگ)، بەسەرپەرشتی (محەمەد عەلی جناح) دێتە لای گاندی و هاوکاری خۆیان پیشاندەدەن. هەروەها کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراوی هیندوستانیش، کە پێشتر بڕوایان بەڕێبازەکەی گاندی نەبوو، (کە بەرگریکردنە بەئاشتی) سەیریان کرد، گاندی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕوات و سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بە ئەنجامدێنێت و خۆیشیان کەسیان لەدەور نەماوە، ناچار دەبن خۆیان بخەنە پاڵ گاندی. ئینگلیزەکان لەدوای چەند ڕاوتەگبیر و بەرنامەڕێژی... دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە خەریکە هیندوستان لە دەستدەچێت. هەوڵ دەدەن ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە. لۆردی...کە کارمەندێکی سیاسی بەریتانیایی دەبێت پێشنیار دەکات و دەڵێت: ئەمە سەرەتای دۆڕاندنمانە لە هیندوستاندا، خەریکیشە لەدەست بچێت، بەڵام با ئێمە پیلانێکی وا بنێینەوە، کە هەتا هەتایە خەڵکیان پێوەی بناڵێنین. ئەویش ئاژاوە نانەوە لەنێوان هیندوس و موسڵماندا. بێگومان بۆ ئەمکارەش کەسێکیان پێویستە کە ئەنجامی بدات. باشترین کەسی سیاسیش لەو سەردەمەدا 'محەمەد عەلی جناح ' ئەو دەتوانێت بەم کارە هەستێت. محەمەد عەلی جناح بانگدەکرێت بۆ بەریتانیا بەرنامەڕێژی کارەکانی بۆدەکەن. سەرەتا بە شێوەیەکی سیاسیانە فێریدەکەن و نەخشەڕێژی بۆدەکەن کەچی بکات... مێشکی بەم گوزەرانە پڕدەکەن. ئێوەی موسڵمان و ئێمەی کریستیان خودێ مان یەکە. کیتابی هەردووکیشمان ئاسمانییە، ئەو هیندوسانە خودێ ناپەرستن و کیتابیشیان هیچ ئاسمانی نییە، واتە لەدیدی دینی ئێمە و دینی ئێوەوە، ئەوانە کافرن گوزارەنکردنیش لەگەڵ کافراندا لە دینی ئێوە و ئێمەدا حەرامە، لەبەرئەوە دەبێت پێکەوە خەبات بکەین بۆ ئەوەی ئێوە لێیان جیابینەوە. هەروەها پێشیدەڵێن: لەبەرئەوەی هیندوسەکان کافرن و ئەهلی کیتابی ئاسمانی نین... وا ئێمە هیندوستانیان بۆ چۆڵدەکەین، جا ئێوەی موسڵمانیش ئارەزوی خۆتانە، بەڵام ئەوە بزانن، کە باشترین چارەسەر بۆ ئێوە و ئەوەیە، کە بتوانن لەدژی هیندوسەکان ڕاپەڕن ئێمەیش پشتگیریتان دەکەین. محەمەد عەل جناح... کە لە خێزانێکی دەوڵەمەندبوو، زۆربەی ژیانی لەبەریتانیا بردبووە سەر، حەزی لە پلەو پایەی بەرز بوو. ئەم هەلەی مێژووییەی بۆ دێتە پێشەوە و دەکەوێتە قۆستنەوەی، بەپشتگیری ئینگلیزەکان بانگەشەی جیابوونەوەی لە مێشکدا گەڵاڵە دەکات، بەڵام ئەم بانگەشەیەیش پێویستی بەزەمینە خۆشکردن هەیە و دەبێت هەنگاوی بۆ بنێت. لە سەرەتای هەنگاونانیدا، ئینگلیزەکان فێریدەکەن، کە دەبێت لەڕێی پەیڕەوەکانیەوە بکەوێتە موسڵمان کوشتن و لەهەمان کاتیشدا بوختان بخرێتە پاڵ هیندوسەکان و هەتا دووبەرەکی و ئاشوب نانەوە، بەرەبەرە تەشەنە بکات و شیرازە لەدەست دەربچێت. ئیجا هەنگاوی ئایندەی بکەوێتە بیناووی ئەوەی، کە ژیانی موسوڵمانان لەمەترسیدایە، لەبەرئەوە باشتر وایە داوای وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ موسوڵمانەکان بکرێت.

بڕوانە ل 9

# ماهاتما گاندی کەسایەتی ناودار و مرۆڤێکی ئازادیخواز لەسەرانسەری جیهاندا

بەشی سێیەم.... عەلی بانەیی

ئەم کارە خرایە بواری کارپێکردنەوە، هەر بەدوایدا ڕۆژانە لە شارەکان کۆمەڵێک فەقیر و هەژاری هیندی و موسڵمان دەکوژران. هەموو هیندوستان بەم هەواڵە دەزانێت. هەموو ڕۆژنامەی پارتە ئیسلامییەکان بوختانیان دەخستە پاڵ هیندوسەکان. جا لەبەرئەوەی موسڵمانەکان کەمینە و هیندوسەکانیش زۆرینە بوون، زۆر لە موسڵمانەکان کوژران. محەمەد عەلی جەناح دەچێتە لای گاندی و داوای چارەسەر بۆ کێشەکە دەکات. گاندی پێیدەڵێت: ئەم داواکارییە فیتی ئینگلیزە و دەیانەوێت پەرتوبڵاوی بخەنە نێومانەوە لەبەرئەوە دان بەخۆتدا بگرە، ماوەیەکی تر هیندوستان سەربەخۆیی وەدەستێنێت و ئەوکاتەش ئازادانە و ئاسودانە هەمووومان لەیەک وڵاتدا دەژین، کە ناوی هیندوستانە چارەسەری ئەو کێشانەیش بەئاسانی دەکەین. بەڵام محەمەد عەلی جەناح پێ لەسەر داواکەی دادەگرێت و لای ئاشکرا دەکات، کە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆ دوا چارەسەرە بۆ موسڵمانەکان. گاندی بەم داوایە تاس دەیباتەوە و زۆر پەرێشان دەبێت، دەڵێت: ئەم داوایە هی خۆت نییە، ئەمە لە مێشک و ئاوەزی تۆداچێنراوە، لەبەر ئەوە هەرگیز من بۆت جێبەجێ ناکەم! هەر لەوکاتەدا محەمەد عەلی جەناح دەڵێت: باشە کەوای لێهات ئێمە تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە، چەند موسڵمان کوژراوە، دەبێت ئەوەندەیش هیندوس بکوژرێت. کوشتار لەهەر دوولا دەست پێدەکاتەوە تاوای لێدێت ژمارەی کوژراوەکان لەهەردوولا لە 500 هەزار کەس تێدەپەڕێت. گاندی چەند جار تکا دەکات، کۆتایی بەشەڕ و پێکدانان بهێنرێت. بەڵام محەمەد عەلی جەناح هەر لەسەر داواکەی سووردەبێت. گاندی پێیدەڵێت: من ئامادەم واز لە هەموو شتێک بێنم بۆت. هەر پەسەندی ناکات بە نەهرۆ دەڵێت: واز لە هەموو بەرپرسیارییەکت بهێنە بۆ محەمەد عەلی جەناح. بەڵام محەمەد عەلی جەناح هەر سور دەبێت لەسەر داخوازییەکەی و دەڵێت: تەنیا ڕێچارە بۆ ئەم کێشەیە دامەزراندنی پاکستانە... پاکستان. ڕۆژ بە ڕۆژ خوێن زیاتر دەڕێژرێت و گاندیش هەر ڕازی نابێت و دەڵێت ئەمە داواکارییەکی ستەمە. تۆ دەتەوێت لەتێک لەدایکی خۆت بکەیتەوە. گاندی لەداخی ئەو بەزمە ناهەموارە ماندەگرێت و دەڵێت: ئەم شەڕ و ناکۆکییە یان دەبێت بوەستێت یان دەبێت لەسەر ئەم مانگرتنەم بەردەوام بم تادەمرم، ناتوانم ئەم یەکترکوشتنە ڕۆژانە بەچاوی خۆم ببینم.

مانگرتنەکە کە دەگاتە 40 ڕۆژ. ڕۆژانە هیندییەکان تکا لەگاندی دەکەن مانگرتنەکە بشکێنێت، بەڵام بێسوود دەبێت. تەنانەت موسڵمانەکانیش کە کەسوکاریان کوژراوە لە گاندی دەپاڕێنەوە مانگرتنەکە بشکێنێت، بەڵام هەر بێسوود دەبێت. تەنیا مەبەستی هەموو خەڵکی هیندوستانیش ئەوەیە هیچ بارێکی خراپە بەسەر تەندروستی گاندیدا نەیەت چونکە دەیانزانی، کە هەر ئەوە تاکە ڕێیشاندرێک بۆ ڕزگاری و سەرفرازییان. بێگومان ئەوانەی کە دەچوونە لای گاندی چ هیندۆس و چ موسڵمان، هەموو خەڵکی سادەبوون، ئەو بێچارانە نەیاندەزانی، کە ئەمە ئاژاوەیەکە لە ژێر سەری ئینگلیز و محەمەد عەلی جەناح دایە. گاندی لەبەرخاتری خەڵک کە ئەوەندە دەچنە لای، تکای لێدەکەن مانگرتنەکە دەشکێنێت، محەمەد عەلی جەناح بانگدەکات و پێی دەڵێت برۆ پاکستان دامەزرێنە. ئەم بڕیارەی گاندی دەبێتە مایەی ڕق و کینەیەکی زۆری هیندییەکان. لە ڕۆژی ١٩٤٧/٨/١٤دا موسڵمانەکان بەپێشڕەوی محەمەد عەلی جەناح ناوچەیەکیان جیاکردەوە بەناوی پاکستان و بانگەشەی سەربەخۆییان ڕاگەیاند. ڕۆژی ١٩٤٧/٨/١٥ هیندییەکانیش سەربەخۆییان ڕاگەیاند واتا ڕۆژێک دوای سەربەخۆیی پاکستان.

ئێستا پاکستان و هیندستان، ئەگەرچی وەک دوو وڵاتی سەربەخۆن، بەڵام تا ئێستا گێرمەوکێشە لەنێوانیاندا هەر بەردەوامە. هەرێمی کەشمیریش یەکێکە لەو کێشە ئاڵۆزانەی، کە تا ئێستا ماوە.

دوا ڕۆژەکانی ژیانی گاندی:

ڕۆژێک لە ماڵە سادەکەی خۆی دێتە دەرەوە بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک، کە پۆل پۆل هاتوون بۆ دیدەنی و پیرۆزبایی لەو کاتەدا مامۆستایەکی هیندوس بە چەپکە گوڵێکەوە دێتە بەردەم گاندی چەپکە گوڵەکە دەداتە دەستی و بەدەمانچەیەکیش تەقە لەگاندی دەکات بەو دیمەنە تراژیدییە کۆتایی بەمێژووی ژیانی پڕ سەروەری و قارەمانێتی ئەم مرۆڤە مەزنە دەهێنرێت. ئەو مرۆڤە مەزنە سادەیە، کە تەنیا یەک بزن و یەک مەکینەی ڕستن و چنین لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، نەوەک سەروەت و سامانێکی بێشومار، کە ئێستا باوە لەنێو ئەوانەی بەناوی سەرۆک و ڕابەر خۆیان سەپاندووە، بەسەر میللەتی هەژار و بێدەسەڵاتدا. کاتێک دەکەوێتە زەوی مامۆستاکە پێیدەڵێت: بۆ هێشتت پاکستان دروست ببێت... بۆ ؟؟؟ ئەوانەی کە لەدەوروبەریدا دەبن، یەکسەر دێنەدەست و خەریک دەبن، مامۆستا هیندوسەکە بکوژنەوە، بەڵام گاندی لەدوا هەناسەیدا دەڵێت: نا..نا..وازی لێبێنن...!!!

من لێیخۆشبووم..دەزانم چی لەدڵیدایە... ئەمە ڕقی لەمن نییە شەیدایی و خۆشەویستی بۆ هیندوستانی دایک، پاڵی پێوەنا بەم کارە هەستێت. ئەو پێی ناخۆشبوو، پارچەیەک لە دایکی نیشتمانی بکرێتەوە. بەڵێ....گاندی... ئەو پێشەوا سیاسییە ڕۆحییە کۆتایی بەژیانی دێت و مامۆستا هیندوسەکەش ئازاد دەکرێت. بەڵام بیر و ڕێبازەکەی تا ئێستا زیندووە و هەمیشە لە یادی هەموو مرۆڤێکدایە، کە دڵ و دەروونی بۆ خاک و نەتەوەکەی و ئازادی گەلان ببزوێت. تۆ بڵێیت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێو کورداندا کەسێکی وەها هەڵبکەوێت؟؟؟

چەند تێبینییەک سەبارەت بەم نوسینە:

١ـ موهانداس کارامچاند ناوی ڕاستی گاندییە.

٢ـ محەمەد عەلی جەناح ناسراو بە قائد اعزەم یاخود بابای قەوم.

٣ـ حکومەتی بەریتانیا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بەهۆی شۆڕشی گاندییەوە، هیندوستانی کۆن لە دەستیان دەرچووە. بیریان لەوە کردەوە، کە بۆ هەتا هەتایە ئاژاوە بخەنە، نێو هیندوستانەوە ئەمەش هەر لەمێژە سیاسەتی نارەوای ئینگلیزبووە، کە لە هەموو شوێنێک پیادەی دەکات. پارچەپارچەکردنی کوردستان، یان بەلوچستان، کە کەوتۆتە نێوان سنوری پاکستان و ئێران چەندین و چەندین نمونەی تری زیندوو، کە ئێستا گەلانی ژێردەست پێوەی دەناڵێنن.

٤ ـ موسڵمانەکان لەدوای سەربەخۆییان هاتن زمانی ئوردویان بەپیتی عارەبی ژیاندەوە و کردیانە زمانی ناسیونالی خۆیان.

٥ ـ نەهرۆ یاریدەدەری گاندی دەڵێت: تورکە ڕەگەزپەرستەکان هەر لەمێژەوە دژی هەموو بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی و ئازادیخوزانەی پێشکەوتوخوازانەی کوردبوون. ئەو تورکانەی پێش ماوەیەک بە پشتگیری کورد، بۆ ئازادی تێدەکۆشان. ئێستا هەر ئەو کوردانە دەچەوسێننەوە، کە لەخەباتدا بۆ ئازادی لەگەڵیاندا بوون.

کۆتایی

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## عـەلی ڕانیەیی– حەمەڕەش

لە ساڵی 1970 لە شاری ڕانییەی پارێزگاری سلێمانی باشوری کوردستان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕانیە تەواو کردووە، هەر لە منداڵیەوە خولیایی خۆشنوقسی و وێنەکێشان بووە، بەڵام هەلی بۆ نەڕەخساوە، خۆلیاکەی بەرجەستە بکات، تا ساڵی 1996 ئاوارەی هەندەران بووە، بەتایبەت لە وڵاتی هۆڵەندا لەوێ بەیارمەتی هاوڕێیەکی ئازیزی خۆی، ئیسماعیل سەلام توانیوێتی پەرە بەخولیاکەی بدات و چەند کۆررسێک وەربگرێت، بۆبەرەوپێش چوونی تواناى هونەری، تا ئێستا دوو پیشەنگای کردۆتەوە و لە زۆربەی بۆنە و یادەکاندا بەشداری کردووە. ئەم هونەرمەندە لە یەکێک لە تابلۆکانیدا، بۆ یادی ئەنفال شیعرێکی جەمال غەمباری هەڵبژاردووە کە هونەرمەند (عەدنان کەریم) دەیڵێت:

درەنگە خۆت کۆکەرەوە
بەدیار ئێوارەیەکەوە دامەنیشە
ئەستێرەی تێدا هەڵنایە،
چاوەڕوانی هاتنەوەی منداڵێک مەکە،
دەستەکانی پڕن لە دوکەڵ ...
چاوەروانی چی دەکەی
ئیتر گۆزەکان لە کانی نایەنەوە..!

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی هونەرمەند بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/hamarash.ranya/photos_all?sk=wall&lst=100001818168085%3A100000816268140%3A1556844745








# تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807